گۆڤار
ئایار
٢٠٠٤
ژمارە
٣

# کەپر

گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ منداڵان
دەزگەی سپیرێز بەیارمەتی رێکخراوی دیاکۆنیای سوێدی دەریئەکات.
خاوەن ئمتیاز :چنارعەلی مەندی

## پەیڤی کەپر

خۆشەویستان، کات و کەپرتان باش
دوای دوو ژمارەی کەپر، کۆمەڵێ نامە و وێنە و دیاریمان بەدەست گەیشتن، جێگەی دڵخۆشییە کە ئەبینین خوێنەرانی کەپر، بەپیر کەپرەوە دێن و هەوڵی بەشداریکردن ئەدەن، زیاتریش دڵخۆشین کە ئەبینین ژمارەیەکی زۆری نامەکان لەلایەن منداڵانەوە خۆیان نووسران و نێردراون..، بۆیە دەست و پەنجەی ئەو منداڵانە ماچ ئەکەین کە نامەی رازەوەیان بۆ نووسیوین.
هەروەها لێرەدا ئەوەش ئەڵێین.. کە نووسین بۆ منداڵان بۆ برادەرە گچکەکان.. کارێکی هەم پێویست و هەم بەتامیشە، پێویستە.. چونکە سەرچاوەی مەعریفی و پەروەردەیی منداڵان لە چاپەمەنی کوردیدا کەمە، بەتامیشە.. چونکە ئەزموونێکی نوێیەو دۆزینەوەی تێدایە..،
دیارە تا ئێستاش زۆربەی نووسەران، کەم لە بواری منداڵاندا ئەنووسن..، رەنگە هەندێ نووسەر تێگەیشتنێکی تۆزێک سەیریشیان هەبێت کەداوایان لێ بکرێت بۆ منداڵان بنووسن.. رەنگە هەندێک بەگەمەی تێبگەن..؟ لێ نزانن کە گەمەکردن بۆ منداڵان چەند کارێکی گەورە و پێویستە..؟
ئێمە لە کەپردا رایئەگەێنین کە دەرفەت هەیە بۆ هەر کەسێک بیەوێت لەرێی نووسیندا گەمەیەکی منداڵانە پێشکەش بکات..،
بیریشتان ئەچێت.. بیکاسۆ دوای ئەزموونیکی درێژ گوتی: ئێستا هەموو هەوڵم بۆ ئەوەیە بگەڕێمەوە وەک منداڵی رەسم کەم.. زۆر نووسەریش خۆزگە ئەخوازن کە وەک منداڵان بیان توانیبایە بەردەوام.. پرسیار .. بکەن!

بەڕێوەبەری نووسین

سەرنووسەر
موئەیەد تەیب
بەریوەبەری نووسین
هۆشەنگ شێخمحەمەد
نیگار کێش
نەجمەددین بیری
دەرهێنان
بەیار جەمیل
بلند ئەحمەد
تیپجنین
نازدار جزیری
سەرپەرشتکاری چاپ
زاگرۆس مەحموود

دهۆک:ناوایی سەندیکای کرێکارانی کوردستان - نهۆمی سێیەم
kepir@spirez.net
هەولێر :عەنکاوە
تەلەفۆن: ٤٤٥١٦٣٥ و ٤٤٥٤١٧٨
hoshang72@yahoo.com

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە